## بۆ مەرزیە فەریقی ... یادگار عبدالله ڕواندزی

ماڵئاوا مەرزیە خانم
ماڵئاوا بینای چاوەکانم
ماڵئاوا ئەی بێگەردتر لە پاکی
لەتریفەی مانگ، لەڕوناکی
ماڵئاوا ئەی پێشمەرگەی نێو سەنگەرو
پایە بەرزی ئاسمانی گۆرانی کوردیم
خەمخۆرەکەی منالآنی ولآتەکەم
چەند پەرۆش بووی بۆ بینینی شارەکەی خۆت
کەچی مردن ڕێی پێ نەدای
ئێستا بێ تۆ (مەریوان) و (سنە) خامۆشن
بێ سۆز بێ دەنگ بێ خەندەن
وەکو دایکی جگەر سوتاو ڕەش پۆشن
تازە دوای تۆ کێ ڕۆح بەبەر (شەش پەپولەکە) ی
(کاکەی فەلاح) بهێنێ و
چاوەڕوانی کامە پەپولەی نوێ بکەین؟؟
کێیە وەك تۆ (پاییز) ەکەی (گۆران) ی شاعیر
هێندە بە سۆز و جۆش و خرۆشەوە بچڕێ؟؟؟
لە گشت پاییزێکی داهاتوما
لە جیاتی جەژن و شایی
شین و ڕۆ ڕۆی یادی مەرگی جوانت ئەکەم
ئیتر لەدوای تۆ
گۆرانیەکەی (ساقی)
لەکام شەوی پڕ لە دەنگ و سۆزی تۆ
لە گەڵ پێکی مەی بچڕم؟؟
لە دوای تۆ ئەی شازادەی ئاسمانی هونەر و گۆرانی کوردی
کێ (لایەلایە) و (لانکۆڵەکە) بۆ منالآنی کوردستانم بڵێ؟؟؟
بە چرپەی دەنگی کێ بخەون؟؟؟
هێشتا زوو بوو کاتێ
بارگەی سەفەری یەکجارەکیت پێچایەوە
پێت وتین جارێکی تر
لەنێو کۆڕی گۆرانی و کۆنسێرت و ئاهەنگدا
دەنگ و ڕەنگم دەرناکەوێت
بەلآم ئەی فریشتە ئەی مەرزیە
ئارام بنو بێ ترس
تا کوردێك مابێ یادی تۆش هەر زیندووە
تا دایكیك مابێ گۆرانیەکانی تۆش هەر ئەمێنن
تاکو منالآنی کوردی پێ جۆش بدرێن

ئارام برۆ ئەی ژنە پێشمەرگەی وڵاتم
ئەی پێشمەرگەی ژنانی کوردستانم
تا چیاکانی کوردستان و
سەنگەری شەڕەفی کوردایەتی مابێ
ناوی تۆش هەر بە نەمری و درەوشاوەیی
لەسەر سەرماندا ئەمێنێ
تا هەوری پاییزان و بارانی بەهاران مابێ
تۆش دەمێنی و نامری
بۆیە دەڵێم
خوات لەگەڵ و ماڵت ئاوا مەرزیە

2005/9/20